# فەلاح حەسەن ناتوانێت خۆی بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق هەڵبژێرێت

دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق بۆ چەندین جار دواخرا بە بیانووی جیاواز، بۆ ئەم مەبەستە چەندین کەسایەتی خۆیان بۆ ئەندامیەتی و سەرۆکایەتی ئەم یەکێتیە دەستنیشان کردووە و ئێستا لەسەر پۆستی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق هەریەکە لە حوسێن سەعید و فەلاح حەسەن و ڕەنگە ناجح حەمود پاڵێوراون و بۆ پۆستی جێگری یەکەم و دووەم و هەروەها چەندین کەسایەتی خۆیان پاڵێوراو کردووە بەهەمان شێوە بۆ ئەمینداری دارایی و ئەندامیەتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق. ئەوەی گرنگ بێت لە بەرواری ١٠-٥-٢٠١٠ لە هۆتێلی سدیر لە شاری بەغداد بە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی دەستەی گشتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق بڕیارێك بە کۆی دەنگ درا، ئەویش نابێت ئەو کەسەی کە خاوەن دوو ڕەگەزنامەیە خۆی بۆ سەرۆکایەتی یاخود ئەندامێتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق هەڵبژێرێت.

ئێستا کێشەیەك لەسەر ئەم بڕیارە دروست بووە، چونکە فەلاح حەسەن کە خۆی بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پێی عێراق هەڵبژاردەووە خاوەن ڕەگەزنامەی عێراق و ڕەگەزنامەی ئەمەریکیە بۆیە ناتوانێت بەشداری لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکانی یەکێتی تۆپی پێی عێراق بکات، دەبێت فەلاح حەسەن دەستبەرداری ڕەگەزنامەی ئەمەریکی بێت تاکو بتوانێت بەشداری لە پێشبڕکێی هەڵبژاردن بکات، ئەمەش تا ڕادەیەك کارێکی قورسە.



# سێ ڕاهێنەری کورد بڕوانامەی نێـ

دوای ئەوەی یەکێتی پایسکلسواری عێراق بڕیاری دا پێنج ڕاهێنەر لەسەر ئاستی عێراق بۆ وڵاتی ئیمارات بنێرن بەمەبەستی بەشداریکردنیان لە خولێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی تراك. شاندی عێراق لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغدادی نێودەوڵەتی بەرەو شاری دوبەی بەڕێکەوتن دواتر شاندەکە لە شاری دوبەی چوونە شاری شارقە، چونکە لەم شارە یاری پایسکلسواری لەسەر تراك زۆر باوە، ئەم خولە ماوەی پێنج ڕۆژی خایاند و لەسەر ئاستی عێراق پێنج ڕاهێنەر بەشداریان کرد، کە سێ لەم ڕاهێنەرانانە کورد بوون، ڕاهێنەرە بەشداربووەکان بریتی بوون لە.

١- موسی موحسین ڕاهێنەری یانەی هەولێر، ٢- سەمیر سدیق ڕاهێنەری یانەی برایەتی، ٣- فەرمان ڕەحمان ڕاهێنەری یانەی سۆلاف، ٤- زیادین عەباس ڕاهێنەری یانەی سەناعە، ٥- سەعد سعود ڕاهێنەری یانەی ئیتفاق.

ئەم خولە هەریەکە لە پسپۆڕی بواری پایسکلسواری لەسەر تراك عەبدوڵڵا سوێدان، کە بە ڕەگەز ئیماراتییە و تایبەتمەند بوو لە چۆنیەتی مەشق و ڕاهێنان لەسەر تراك و محەمەد ناعجی کە جەزائیریە تایبەتمەند بوو لە بواری یاسای پایسکلسواری لەسەر تراك و عەلی عیسوی کە ئیماراتییە و تایبەتمەند بوو لە بواری ناوبژیوانی، خولەکە بە شێوازی پراکتیکی و تیۆری بەڕێوە دەچوو دوای تەواوبوونی خولەکە تاقیکردنەوە بۆ ڕاهێنەرە بەشداربووەکان ئەنجام درا

# تیپی باسکەی دهۆک سێ نازنـ



# فیستیڤاڵی وەرزشی ساڵانەی قوتابخانەکـ



بەچاودێری سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەو بەئامادەبوونی سیروان سیرینی قائیمقامی ڕواندز و چەندین بەرپرسی حکومی و حزبی لە سنووری قەزای ڕواندز، لەیاریگەی گەردەگەرد یەکەمین فیستیڤاڵی پەروەردەی شاری ڕواندز بەڕێوەچوو.

سەرەتای فیستیڤاڵەکە بە مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پاشان قائیمقامی قەزای ڕواندز ڕێگەی بەکردنەوەی فیستڤاڵەکە داو ئاڵای کوردستان لەلایەن وەزیری پەروەردە بەرزکرایەوە، پاشان تیپی قوتابخانە بەشداربووەکان سوێندی وەرزشیان خوارد.

## بێجان ئیبراهیم:

# یانەکانی کوردستان لەم وەرزە ململانێی بەهێز دەکەن

خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە تۆپی دەستی ئەمساڵ بە بەشداری هەشت یانە دەستی پێکردووە، لە قۆناغی یەکەمیش ململانێی بەهێز هەبوو. خولی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان لە وەرزی نوێی ئەمساڵ ئاستێکی بەرزی بەخۆیەوە بنیوە، بۆیە چەند یانەیەك لە قۆناغی یەکەم ململانێی بەهێز هەبوو لە نێوان تیپە بەشداربووەکان، بۆیە لە قۆناغی دووەم پێشبینی ئاستی بەرزتر دەکرێت، لەمبارەیەشەوە بێجان ئیبراهیم سەرۆکی یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان بۆ فایلی وەرزشی گوڵان لە بارەی خولی تۆپی دەستی ئەمساڵ وتی «ئێمە ئەمساڵ خولی پلە نایابی تۆپی دەستی کوردستانمان ئەنجامدا بۆ هەشت تیپی شارەکانی کوردستان، یارییەکانیشی بە دوو قۆناغ بەڕێوە دەچێت، وتیشی ئاستی یاری تۆپی دەستی کوردستان ئەمساڵ لە گشت ساڵاکانی تر تیپەکان ئاستیان لێکتر نزیك و بەهێزترن تیپەکانیش خۆیان باش ئامادەکردبوو بۆ پاڵەوانێتیەکە، لە قۆناغی یەکەمیش پێنج یانە ئاستیان زۆر لێك نزیکە، سەبارەت بە کێشەکانیشیان وتی: تاکوئێستا لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بودجەیەکی تایبەتی بۆ دانەنراوە بۆئەوەی پشتگیری هەموو یەکێتیە وەرزشیەکان بکات، گلەییش لەپەرلەمانی کوردستان دەکرێت تاکو ئێستا یاسای لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان پەسند نەکراوە، بۆیە بودجە نییە، ئەو یارمەتیەی دەدرێت بەشی پارەکەش بەشی یەکێتیە وەرزشیەکان ناکرێت، لە بارەی کردنەوەی هۆڵێش وتی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەوەتەی دەست بەکاربوونیان تاکو ئێستا نەیانتوانیوە هۆڵێك دروست بکەن، دەبوایە تا ئێستا چەند هۆڵێکیان دروست بکرادابوایە، هەژدە ساڵ حکومەتین چەند هۆڵێکمان پێ دروست نەکراوە، تاکوئێستا نەیانتوانیوە هۆڵی زەرد چاك بکەنەوە.



# ـودەوڵەتییان لە تراک-بە دەستهێنا



و لەم خولە دوو بڕوانامە دابەش کرا، بڕوانامەی یەکەم لە لایەنی یەکێتی پایسکلسواری ئیماراتی بوو و بڕوانامەی دووەم لە لایەن پەیمانگای سەرکەرتیتی بۆ پایسکلسواری دابەش کرا.
جێگەی باسە ئەم یارییە لە کوردستان و عێراق بوونی نییە.

# ـاوی لە یەک وەرز بەدەستهێنا

یانەی دهۆك بۆ تۆپی باسکە، توانی دەستکەوتێکی مێژوویی بۆ خۆی تۆمار بکات دوای ئەوەی لە یەك وەرزدا سێ نازناوی بە دەستهێنا، ئەمەش دەستکەوتێکی مێژووییە، سەرەتا توانی خولی کوردستان بۆ تۆپی باسکە بە دەستبهێنێت بۆ جاری سێیەم، دواتر نازناوی خولی عێراق بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی بە دەستهێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی لە یانەی کەرخ-ی بردەوە پاشان هەفتەی رابردوو توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا جامی عێراق بۆ تۆپی باسکە بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی لە یانەی شورتەی بردەوە.
هەرچەندە یانەی دهۆك ئەم دەستکەوتە مەزنانەی لە عێراق بە دەستهێناوە، بەڵام تا ئێستا ئەنجامەکانی لە خولەکانی ئاسیا و عەرەب وەکو پێویست نییە.

# ـانی سنووری پەروەردەی رواندز ئەنجامدرا









ئینجا رێ ڕۆیشتنی قوتابخانەو خوێندنگەکان دەستی پێکردو یاریەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە یارییەکانی راکردنی ماوە جیاجیاو بەربەست و هاوێشتنی رم و خۆهەڵدانی بەرز و یەك باز و هاوێشتنی قورسایی و ساپ و سێ باز و راکردنی پۆستەو چەند یارییەکی تر بەڕێوەچوون و لە کۆتاییشدا یاریزان و قوتابخانە براوەکان خەڵات کران..
ئەمەش یەکەمین جارە دوای کردنەوەی پەروەردەی رواندز فیستیڤاڵێکی سەرتاسەری بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکانی سنوورەکە بە بەشداری قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان و باخچەکانی ساویان بەڕێوەبچێت..



# چێڵسی گواردیۆلای بەهەر نرخێک دەوێت

ڕۆژنامەی سەندای میرۆری بەریتانی لە ڕاپۆرتێکیدا ڕایگەیاند خاوەنی یانەی چێڵسی ملیاردێری ڕوسی ڕۆمان ئەبرامۆڤیچ بەنیازە ڕاهێنەری یانەی بەرشلۆنە پیپ گواردیۆلا لەشوێنی ڕاهێنەری ئێستای یانەکەی کارلۆ ئەنشلۆتی دەستنیشـــان بکات، بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە ئەبرامۆڤیچ ئارامی نەماوە لە بەرامبەر ئەنشـــلۆتی بە تایبەتی لەدوای دەرچوونی لە قۆناغی هەشـــتەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا و لەدەســـتدانی نازنـــاوی خولی ئینگلتەرا، بۆیە هەوڵ دەدات داهاتووی ڕاهێنەر گواردیۆلا لەدوای تەواو بوونی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە لە یانەی چێڵسی بێت، بۆندی گواردیۆلا لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە لە هاوینی ٢٠١٢ کۆتایی دێت و پێشتر ڕاهێنـــەری ناوبراو ڕایگەیاندبوو کە ماوەی مانەوەی لە یانەی بەرشـــلۆنە کەمترە لەو ماوەیەی کەکاری لەگەڵ یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا کردووە. شـــایانی باسە یانەی چێڵسی هەوڵدەدات لە وەرزی داهاتوو بەشـــێوەیەکی ڕاستەخۆ بەشـــداری لەخولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بکات، بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەبرامۆڤیچ ڕێگە بە ئەنشـــلۆتی دەدات لە وەرزی داهاتوو بەردەوام بێت دواتر بۆند لەگەڵ گواردیۆلا مۆر دەکات.

# مادۆنا چێڵسی خۆشدەوێت



ڕۆژنامەی ســـەنی بەریتانی وێنەیەکی کچە گۆرانیبێژی بۆبی ئەمریکی بەناوبانگ مادۆنای بڵاوکردەوە کاتێك بەنائومێدی لە یاریگای ســـتامفۆردبریدج دێتە دەرەوە لـــە دوای دۆڕاندنی یانەی چێڵســـی لـــە بەرامبـــەر یانەی مانچستەر یونایتد بەگۆڵیکی بێ بەرامبەر لە قۆناغی هەشتەمی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا. مادۆنای تەمەن ٥٢ ساڵ یەکێکە لە هاندەرانی یانەی بلوز دروشمی یانەی چێڵسی پۆشیبوو کاتێك لە یاریگا هاتە دەرەوە بە یاوەری ئەو کوڕەی کە بەخێوی کردووە لەگەڵ هاوسەرەکەی، ڕوخساری مادۆنا خەمناك بوو بەهۆی ئەو دۆڕاندنە، مادۆنـــا هاوڕێیەکی نزیکی خاوەنی یانەی چێڵســـی ملیاردێـــری ڕووســـی ڕۆمـــان ئەبرامۆڤیچە.

# بۆ جاری حەوتەم نادال پاڵەوانی مۆنتی کارلۆیە

یاریزانی ئیسپانی ڕافایل نادال پۆلینکاری یەکەمی جیهان نازناوی پاڵەوانیەتی مۆنتی کارلۆ ماســـتەرز لە یاری تێنسی سەر زەوی بۆساڵی حەوتەم لەسەر یەك بەدەستهێنا کە کۆی خەڵاتەکانی دەگاتە دوو ملیۆن و ٧٥٠ هەزار یۆرۆ، نادال لە یاری کۆتایی ڕووبـــەڕووی هاووڵاتیەکەی خۆی دێڤید فێرێر بۆوە و توانی ســـەرکەوتن تۆمار بکات بە ئەنجامی دوو کۆمەڵەی بێ بەرامبەر، ئەنجامی کۆمەڵەکان (٦-٤، ٧-٥)بوو، ئەوە یەکەم نازناوە بۆ نادال لە ســـاڵی ٢٠١١ لـــەو کاتەی نازناوی ژمارە ٤٥ لە ژیانی وەرزشـــیدا، لە پاڵەوانیەتی مۆنتی کارلۆ کە لە یاریگا لمییەکان ئەنجام دەدرێت نادال ٣٩ ســـەرکەوتنی بەدەســـت هێنـــاوە بەرامبەر یەك دۆڕانـــدن لە ســـاڵی ٢٠٠٣ کە تەمەنی نادال ١٦ ساڵ بوو.



نـــادال بـــووە یەکەم یاریـــزان لە مێژوودا کە لـــە پاڵەوانەتییەکی کراوەی تێنسی ســـەر زەوی بۆ ماســـتەرز حەوت ســـاڵ لە سەر یەك نازناوەکە بەدەست دەهێنێت، لـــە هەمان کاتدا ئـــەوە نازناوی ژمارە ٣٠ بۆ نـــادال لە یاریگا لمییەکان و نازناوی ژمارە ١٩ لە پاڵەوانەتیەکانی ماستەرزە.




# کاپێلۆ! میسی لە کریستیانۆ باشترە

ڕاهێنەری ئیتالی فابیۆ کاپێلۆ ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا خەڵاتی (ئەفســـانە)ی لە ڕۆژنامەی مارکای ئیســـپانی وەرگرت، لەوەڵامی ڕۆژنامەنووســـان دەربارەی باشترین یاریزانی جیهان کاپێلۆ بە ئاشـــکرا وتی لیونێل میسییە، لەمبارەیەوە وتی: کریستیانۆ بە زمانی ئینگلیزی قسە دەکات کەچی میسی بەزمانی تۆپی پێ قسە دەکات.

کاپێلۆ ئەوەشـــی ئاشـــکرا کرد لەهاوینی ڕابردوو جارێکی دیکە داوای لێکراوە ئەرکی ڕاهێنانی یانەی ڕیال مەدرید بۆ جاری ســـێیەم وەربگرێتەوە، بەڵام ئەو ڕازی نەبووە، چونکە ئەگەر ســـەرکەوتوو نەبوایە ئەوە خۆی و یانەی شاهانە تووشی کارەسات دەهاتن، هەروەها کاپێلۆ دەستخۆشی لە ڕاهێنەر جۆزی مۆرینهۆ کرد و دووپاتی کردەوە کە ڕیال مەدرید هەر ڕیالە و لەناو دڵی دەمێنێتەوە.

کاپێلۆ دەربارەی یانەی بەرشلۆنە ڕایگەیاند کە بەرشلۆنە یەکێکە لە باشترین سێ تیپ کە لەژیانی خۆی بینیویەتی کە ئەوانیش یانەی ئەیاکس ئەمستردام لەگەڵ یۆهان کرۆیف و یانەی ئەی سی میلان لەگەڵ ڕاهێنەر ئەریگۆ ساکی و بەرشلۆنەی ئێستا.



# بال و ویلشێر باشترینەکانی خولی ئینگلتەران

یاریزانـــی یانەی تۆتنهـــام گاریس بال بەباشـــترین یاریزانی خولی ئینگلتەرا بۆ وەرزی ٢٠١٠-٢٠١١ دەستنیشان کرا بەپێی راپرسییەك کە یاریزانە پیشەگەرەکان بەشدارییان تیایدا کردبوو، گاریس بال بەپێش یاریزانی یانەی ئەرسناڵ سەمیر نەسری کەوت کە لەپلەی دووەم هات و یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی کارلۆس تیڤێز بەپلەی سێیەم هات، لە لیســـتەکەش ناوی هەریەك لە یاریزانـــان نیمانیا ڤیدیچ لە یانەی مانچســـتەر یونایتد و رافایل ڤاندەرڤارت لە یانەی تۆتنهام و سکۆت پارکەر لە یانەی وێســـتهام یونایتد و چارلی ئادەم لە یانەی پلاکبۆل هاتووە. گاریس بال ئاســـتێکی بەرزی لەم وەرزە پێشکەش کردووە و چەندین یانەی ئەوروپا هەوڵی کڕینی دەدەن، بال دەربارەی ئەم خەڵاتە وتی: من شـــانازی بەم خەڵاتە دەکەم بەتایبەتی کە خەڵاتەکە لەلایەن یاریزانە پیشـــەگەرەکانەوە پێمدراوە، پێشـــتر هیچ یاریزانێکی وێڵزی ئەم خەڵاتەی وەرنەگرتـــووە هەربۆیە بۆمن شـــانازییەکی گەورەیە، خەڵاتەکەش دەکەمە دیاری بۆ هاوڕێکانم. لەلایەکی دیکەوە یاریزانی یانەی ئەرسناڵ جاك ویلشێر خەڵاتی باشترین یاریزانی لاوی وەرگرت و خۆشـــحاڵی خۆی دەربڕی بەم خەڵاتە و دووپاتی کردەوە کە دڵنیا بوو لە وەرگرتنی ئەم خەڵاتە، بەڵام نەك بەم خێراییە.



# دی خیا
# لە یانەی مان یونایتد نزیکە

ڕۆژنامەی دەیلی میلی بەریتانی رایگەیاند یانەی مانچستەر یونایتد کە لە پێشـــەنگی خولی ئینگلتەرا دێت، گەیشـــتۆتە رێککەوتـــن لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیســـپانی بۆ کڕینەوەی گۆڵپارێزی لاو دیڤید دی خیا تەمەن ٢٠ ســـاڵ بۆ ماوەی پێنج ساڵی داهاتوو بەرامبەر بە ١٨ ملیۆن پاوەند.
راهێنەری یانەی مان یونایتد سێر ئەلێکس فێرگسۆن پێیوایە کە گۆڵپارێز دی خیا باشترین شوێنگرەوەی گۆڵپارێزی هۆڵەندی ئیدوین ڤاندەر ســـار دەبێت کە وابڕیارە لە کۆتایی ئەم وەرزە بە یەکجاری واز لە یاریکردن بهێنێت، لەهەمان کاتدا فیرگســـۆن دی خیای لا باشـــترە لە هەردوو گۆڵپارێزی ئەڵمانی مانویل نۆیەر لە یانەی شالکە و گۆڵپارێزی بەرازیلی جۆلیۆ سیزار لە یانەی ئینتەرمیلان.
جێگەی ئامـــاژە پێکردنە ماوەیەکە یانەی مان یونایتد لەدوای گۆڵپارێزێکی بەتوانا دەگەڕێت، تا ئێستا دەربارەی بۆندی دی خیا لەگەڵ یانەی ناوبراو هیچ لایەنێك لە ئیسپانیا و ئینگلتەرا دووپاتکردنەوە یان ڕەتکردنەوەی ئەم هەواڵەیان رانەگەیاندووە.





# بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان لە شاری هەولێر یاری پینت بۆڵ کرایەوە



لەسەر بودجەی کەرتی تایبەت لە شاری هەولێر پارێزگاری هەولێر پرۆژەی یاری پینت بۆڵی کردەوە.
بە ئامادەبوونی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەکی زۆری هەواداری وەرزشی لە شاری هەولێر لەسەر زەوی ئەکەوا پارك، لە شاری هەولێر پرۆژەی یاری پینت بۆڵ کرایەوە کە گەورەترین پرۆژەی وەرزشیە کە هەریەك لە یارییەکانی بلیارد و نیشانە و یارییەکی تازەی مۆدێرن و شەڕکردن بە کلاشینکۆف کە ڕەنگ دەهاوێژێت، ئەمەش لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بۆیەکمجارە پرۆژەیەکی لەم جۆرە دەکرێتەوە لە شاری هەولێر، پینت بۆڵ یارییەکی جەماوەرییە لە وڵاتانی جیهان گرنگی زۆری پێ دەدرێت، لە بارەی ئەم پرۆژەیەش تاهیر عەبدوڵڵا جێگری پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی بۆ گۆڤاری گوڵان لە بارەی ئەم پرۆژەیە وتی «ئەم پرۆژەیە کەرتی تایبەت کردویەتی، ئێمەش پشتگیری لە کەرتی تایبەت دەکەین، یەکمجاریشە ئەم پرۆژەیە لە شاری هەولێر دەکرێتەوە لەسەر ئاستی عێراقیش یەکەمجارە شتێکی وا بکرێت، ئەو یارییە لە زۆر لە وڵاتانی دنیا هەیە، ئێمە پێمان باش بوو ئەو هۆڵە بکەینەوە لە شاری هەولێر و بەردەوام پشتگیری لە کەرتی تایبەت دەکەین بۆ پرۆژەی جۆراوجۆر لە شارەکانی کوردستان ئەنجام بدەن، ئەوەش وەکو دەروازەیەکی بۆگەنجان بۆ پەیدابوونی دەرفەتێك و کرانەوەی گەنجان بۆ ئەوەی سوود لە کاتەکانی خۆیان وەربگرن.

**ڕاهێنەری یانەی هەندرێن:**

## ناهێڵین ئەو نازناوەمان لەدەست بچێت



**هەفتەی رابردوو ڕاهێنەری یانەی هەندرێنی یەکەمی ریزبەندی یانەکانی کوردستان ئاماژەی بەوە دا کە ئەمە هەلێکی باشە بۆئەوان کە بۆ ئەم وەرزە نازناوەکە بەدەست بهێنن.**

سەمەد جەوهەر ڕاهێنەری ناسراوی شاری هەولێر و یانەی هەندرێنی خاوەن پلەی یەکەمی ریزبەندی یانەکانی کوردستان بە کۆکردنەوەی ٤٤خاڵ، سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا دوو هەفتە ماوە لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان، بەڵام دڵنیایی خۆی دەربڕی بەوەی کە دەتوانن نازناوی ئەم وەرزەی خولی نایابی کوردستان بۆخۆیان بەدەست بهێنن، لەم بارەشەوە ناوبراو بۆ فایلی وەرزشی گوڵان وتی «ئێمە لە یاریمان بەرامبەر یانەی هەولێر یارییەکی باشمان کرد و توانیمان هەر لە پلەی یەکەم بمێنینەوە، بۆیە هیوامان بۆئەوە ماوە بتوانین ئەو سێ یارییەی ماومانە بتوانین ئەنجامێکی بەرچاو بەدەست بهێنین و بۆیەکەمجار بەم نازناوە شاد ببین. ئێمە بۆ پارێزگاری کردن لەو ئەنجامەی ئێستا کە پلەی یەکەممان گرتووە، لە یارییەکانی ماومانە هەوڵدەدەین هیچ یارییەك تووشی دۆڕان نەبین و سەرکەوتن لەم یارییانە تۆماربکەین، ببینە پاڵەوانی خولی ئەم وەرزە، وتیشی هەریەك لە یانەکانی هەولێر و پێشمەرگەی هەولێر بە ڕکابەری خۆمان دەزانین بۆ لە باوەش گرتنی ئەم نازناوەی ئەمساڵ، وتیشی هیچ کێشەیەکمان نییە لە یانەی هەندرێن، بۆیە تەنیا بیر لە بردنەوەی نازناوکە دەکەینەوە.

## یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان لە عێراق بەڕێوە دەچێت

یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەفەرمی بڕیاری دا یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان کۆمەڵەی یەکەم لە عێراق ئەنجام بدرێت، یارییەکانیش لە مانگی دە بەڕێوە دەچێت و کۆمەڵەی یەکەم پێکهاتووە لە هەڵبژاردەکانی عێراق و ئێران و قەتەر و بەنگلادش و فەلەستین و سریلانکا لەم کۆمەڵەیە دوو هەڵبژاردە بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا ٢٠١٢ لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان سەردەکەوێت.
تا ئێستا یەکێتی تۆپی پێی عێراق شوێنی بەڕێوەچوونی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە دەستنیشان نەکردووە، کە لە کام شاری عێراق بەڕێوە دەچێت.

# پاڵەوانێتی تایکواندۆی یانەکانی عێراق ئەنجامدرا



لە شاری سلێمانی بۆماوەی چوار ڕۆژ بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری یانەی شـــارەکانی عێراق پاڵەوانێتی تایکوانـــدۆی یانەکانی عێراق ئەنجامدرا.

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تایکواندۆی عێراقی و بە بەشداری زیاتر لە ٣٥یانەی شـــارەکانی عێراق و ٣٥٠یاریزان لەدە کێشی جیاواز لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان پاڵەوانێتیەکە بەڕێوەچوو، یاریزانی یانەکانی بەشـــداربوو ئاستێکی بەرزیان پێشـــکەش کرد. ڕۆژانی پاڵەوانێتەکەش لە هۆڵی یانەی وەرزشی پێشمەرگە لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو، ئەنجامی یانەکانیش بەمشێوەی خوارەوە بوو.

| کچان | کوڕان |
|---|---|
| ١-یانەی ئاشتی | ١-یانەی کارەبا |
| ٢-یانەی عەرەبی | ٢-یانەی مینا |
| ٣-یانەی سناعە | ٣-یانەی دیوانیە |

# ئەمڕۆ لە دهۆک قۆناغی دووەمی پاسکیل سواری یانەکانی عێراق دەست پێدەکات

بڕیارە ئەمڕۆ دووشـــەمە ڕێکەوتی ٢٥-٤قۆناغی دووەمی پاڵەوانێتی پاســـکیل ســـواری یانەکانی عێراقی لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان بەڕێوە بچێت.

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی پاسکیل سواری عێراقی ئەمڕۆ دووشەمە بە بەشداری ژمارەیەك لە یانەی شارەکانی عێراق لە شاری دهۆك قۆناغی دووەمی پێشبڕکێیەکانی پاسکیل سواری یانەکانی عێراق دەست پێدەکات، کە ماوەی پێنج ڕۆژ دەخایێنێ، لە پێشبڕکێیەکەش هەردوو ئاستی کوڕان و کچان بەشدار دەبن، کە تێیدا ئاستەکانی تازە پێگەیشتوان و لاوان و پێشکەوتوان بەشدارن لە پێشبڕکێیەکان. لە بارەی خولەکەش حەربی خالید جێگری سەرۆکی یەکێتی پاسکیل سواری عێراقی ئەوەی ئاشکرا کرد، کەوا ژمارەیەك لە یانەی شارەکانی عێراقی بەشداردەبن، لە ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگە کە دەکاتە ئەمڕۆ کۆبوونەوەی هونەری بۆیانەکان ئەنجام دەدەین، بۆ ڕۆژی دوایی یارییەکان دەســـت پێدەکەین. بۆئاســـتی کچان کراوە دەبێت و هەموو تەمەنەکان دەگرێتەوە، بۆ کوڕانیش بەپێی تەمەن دەبێت، بۆ تازە پێگەشـــتوان بۆ لەدایکبووانی ١٩٩٥-١٩٩٦دەبێت، بۆ لاوانیش ١٩٩٣-١٩٩٤دەبێت، بۆپێشکەووتوانیش لە ١٩٩٢وە بۆخوارەوە دەبێت. بەرنامەی پێشبڕکێیەکانیش بەم شێوەیە دەبێت.

٤-٢٦

پێشبڕکێ تیپ پێچەوانەی کات ٧٠کم پێشکەوتوان

پێشبڕکێ تیپ پێچەوانەی کات ٦٠کم لاوان

پێشبڕکێ تیپ پێچەوانەی کات ٣٥کم تازە پێگەیشتوان

٤-٢٧

پێشبرکی تاك پێچەوانەی کات ٣٥کم پێشکەوتوان

پێشبرکی تاك پێچەوانەی کات ٢٥تازە پێگەیشتوان

پێشبرکی تیپ پێچەوانەی کات ٤٠کم بۆ ئاستی کچان

٤-٢٨

پێشبڕکێ تاك گشتی ٧٥کم لاوان

پێشبڕکێ تاك پێچەوانەی کات ٢٥کم بۆکچان

پێشبڕکێ تاك گشتی ٤٠کم بۆتازە پێگەیشتوان

٤-٢٩

پێشبڕکێ تاك پێچەوانەی کات ١٢٠کم پێشکەوتوان

پێشبڕکێ تاك پێچەوانەی کات ٣٠کم بۆلاوان

پێشبڕکێ تاك گشتی ٤٥کم کچان

